# خەیاڵ لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

پ.ی.د.لوقمان رەئوف عەلی
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
Luqman.ali@kti.edu.iq

د.ئاوارە فەرەیدون قادر
زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان
مامۆستا
awara.qadir@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:٢٠٢٤\٨\٥ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٩\٨

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیۆریزەکردنی چەمکی خەیاڵە لە دەقی شیعر بەگشتی و شیعری شێرکۆ بێکەس بەتایبەتی، لەگەڵ کاریگەرییەکانی لەسەر دارشتنی دەق و ڕەنگدانەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی دەقدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خەیاڵی شیعریی ئامانجی وێناکردنی زمانی سۆزداری و خەیاڵی و فیکرییە، هەروەها ڕەنگدانەوەی هۆشیاری و تێگەیشتنی نووسەرە، یاخود بەرجەستەکردنی خەیاڵە لە وێنەکاندا لە ڕێگەی دەقی شیعرییەوە، یان لە وێنەی فۆتۆگرافی کە نوێنەرایەتی بەیتە شیعرییەکانی دەکات، هەروەها دەیەوێت ئاست و ڕادەی خەیاڵ لای شێرکۆ بێکەس و ئەو جێکەوتەی کە لەسەر خوێنەر بەجێیدەهێڵێت بخاتەروو.

بۆ ئەم مەبەستەش لە بەشی یەکەمدا باس لە ناساندنی خەیاڵ، چ وەک چەمک و پێناسە لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە، چ وەک تێڕوانینەکان لەسەرخەیاڵ، لەگەڵ خاسیەت و گرنگی خەیاڵ لەدەقی شیعرییدا کراوە، لەبەشی دوەمیشدا باس لە جۆرەکانی خەیاڵ و پۆلێنکردنی لەشیعرەکانی شاعیردا کراوەو بۆ هەریەکەشیان نموونەی پێویست لەم بارەوە خراونەتەروو و شیکاریان بۆکراوە.

**وشە کلیلیەکان:** خەیاڵ، وێنا، شاعیر، شیعر

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

١- ناساندنی گرنگی و ڕۆڵی خەیاڵ لە دەقی شیعریدا.

٢- دەرخستنی ڕادەی خەیاڵ و پێگەی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

٣- دەرخستنی پەیوەندی نێوان خەیاڵ و شیعر و شاعیر.

٤- دەرخستنی کاریگەری و جێکەوتی خەیاڵ لەسەر خوێنەر.

**١-پێشەکی:**

خەیاڵ لەدەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، بووەتە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پێکهێنانی وێنە و ڕوانین و....تاد دەقە شیعرییەکە، بۆیە ئەو شاعیرەی دەیەوێت شیعرەکانی خوێنەریان هەبێت، دەبێت خاوەن وێناو خەیاڵێکی بەهێز بێت، جگەلەمەش خەیاڵ لە ئێستادا بووەتە پێویستییەک لە پێویستییەکان، بە شێوازێک هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنەکانی ژیانە، بۆیە ناتوانرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت، وەک ڕووناکی، هەواو هەست و نەست و دڵ و ڕۆح و عەقڵی مرۆڤ، ئەم گرنگی و بە سەرەکی بوونەشی بە درێژایی مێژوو، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە هەیبووە بەدەستیهێناوە.

هیچ شاعیرێک لەسەر زەوی نییە، شیعرەکانی هەم لە خەیاڵ و هەم لە واقیع بێبەش بن، چونکە شیعر بۆ هەر مەبەستێک بنووسرێت دەبێت سود هەم لەواقیع و هەم لەخەیاڵ وەرگرتبێت، چونکە ئەمانە بڕبڕەی پشتی شیعرن ، ئەمەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە دەگۆڕێت، بەمانایەکی تر ناتوانرێت شیعرێک قبووڵ بکرێت کە وابەستەی واقیعێک بێت، کە شاعیر ئەزموونی کردووە، بەبێ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیەوە نەتباتەوە جیهانێکی خەیاڵی، کە پەیوەندی لۆژیکی بە واقیعەکەوە نییە، لەم سۆنگەوە شێرکۆ خەیاڵی خۆی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا ئەم خەیاڵە بەرفراوانە، لە واقیعێکەوەیە کە شاعیر دەتوانێت لەسەری بوەستێت و پشتی پێ ببەستێت، هەر بۆیە ژینگە و واقیعەکەی گرنگترین پێکهاتەکانی شاعیرن و ئەوەی نەتوانێت بە خەیاڵ و هەستی خۆی، وەسفی واقیعی خۆی بکات، ناتوانێت واقیعی ئەوانی دیکە وەسف بکات.

شیعر توخمێکی گرنگە و خەیاڵ بەشێکی گرنگە لە پێکهێنان و کێشانی وێنەی شیعریی، وێنەیەک کە لە واقیعەوە دوورە، یان لەوانەیە لە خەیاڵی پاکەوە بێت، واتە لە واقیعدا بە هیچ شێوەیەک بوونی نییە، وەک چۆن خەیاڵ توانای ئەوەی هەیە کە زۆر لە یەکتر نزیکیان بکاتەوە و نزیکەکان دوور بخاتەوە و پێکهاتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، چونکە خەیاڵ پێویستییەکی ڕاستەقینەی هەیە لە بەرجەستەکردنی وێنەی شیعریدا، هەروەها خەیاڵ کاریگەریی گەورە لەسەر بەرهەمی شیعری بەجێدەهێڵێت و ئەگەر بچێتە ناو جەستەی دەقەوە، جوڵەی پێدەبەخشێت و پاڵ بە وەرگرەوە دەنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ شاعیردا بەشداری لە کێشانی وێنەکە و دروستکردنی دەقەکەدا بکات، لەبەرئەوەی ئەو لایەنەی خەیاڵ تیشکی دەخاتە سەری، فەزای کراوەیە، کە تێیدا نێرەر و ئاراستەکراو بەشدارن لە دووبارە داڕشتنەوەیدا.

**١-١- چەمک و پێناسە:**

وشەی خەیاڵ لە وشەی لاتینی(imaginary) وەرگیراوە، کە بە مانای "وێنەی خود" هاتووە لە ئینگلیزیدا لە وشەی(imagination) بەکاردێت و بریتییە لە تێکەڵکردنی وێنەو بیرەکان و ناساندنەوەی دیمەنە واقیعییەکان لەبەرگی خەیاڵدا(Oxford English Dictionary,OED,١٨٨٤)، لە فەرهەنگی هەنبانەبورینەشدا خەیاڵ بەواتای(فکر،بیر، هزر)بەکارهاتووە(هەژار،١٣٦٩، ٢٩٩) ، بۆیە توانای دروستکردنی وێنەو بیری نوێیە لە عەقڵدا، بیرێک کە تەنها پشت بە ڕووداوی واقیعی نابەستێت، لەبەرئەمەشە خەیاڵ بنچینەی پرۆسەی داهێنانە لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە ئەگەر خەیاڵ نەبێت پێشکەوتنەکان بەو ئاسانییە گەشەناکەن، چونکە هۆکارێکی سەرەکی گەشەی مرۆڤایەتین، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، خەیاڵ بەشێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤ و هێزەکەی، جگەلەمەش هۆکارێکی بەهێزکردنی توانا مرۆییەکان و بیرەکانە، واتە هێزی پاڵنەری بیرکردنەوەو دانانی چارەسەرە بۆ گرفتەکان و داهێنانەکان و وێنای نوێ....تاد.

وردزۆرث لە دیاریکردنی چەمکی خەیاڵدا پشتی بەو ڕۆڵەی بەستووە، کە لەپرۆسەی داهێناندا هەیەتی، چونکە پێیوایە" خەیاڵ بریتییە لە توانستی داهێنانی ئەوەی دیمەنی شانۆکان دەپۆشن، واتە جل و بەرگێکە شانۆکارەکان بەنەسیجێکی نوێوە پیشاندەدەن، یان ئەو توانستە کارلێکیەیە، کە ئەو ڕەگەزانەی لە بنچینەشدا لەیەکەوە دوورن و جیاوازن، بەتەواوی تێکەڵ بە یەکتریان دەکەن، بۆئەوەی ببنە گروپێکی هاوسۆزو گونجاو"( هلال، ٢٠٠٨، ٤١٣)، کەواتە (خەیاڵ لەڕوانگەی وردزۆرثەوە ئەو شاژنەیە، کە لە توانایدا هەیە ڕەگەزە جیاوازییەکان کۆبکاتەوەو پێکیانبهێنێتەوە) (حشایشی،٢٠١٣، ٢٩ )

کۆلردج یەکێکە لەوانەی کە بەشێوەیەکی دیار کاری لەسەر خەیاڵ و کاریگەری جێکەوتی لە وێنەی هونەریدا کردووە، خەیاڵ لای کۆلردج هێزێکی سحریەو" بەهۆی ئەم هێزە پێکهاتەیی و جادوگەرییەوە، کە بەتەنهاو بەناوی خەیاڵەوە دروستمانکردوە  لە مەیدانی کاردا ، بەهۆی کرداری ئیرادەو ئیدراکەوە لە هاوسەنگی و هاوپەیمانیدا نغرۆ دەبێت و لە تایبەتمەندییە دژ و نەگونجانەکانیدا خۆی دەردەخات ، تایبەتمەندییەکانیش لەگەڵ جیاوازییەکاندا بەراورد دەکرێن ، واتە گشتی لەگەڵ دیاریکراودا، بیر لەگەڵ وێنەدا)( اليسوعي، ١٩٩٢ ، ١٨)، هەروەها  کۆلردج دەڵێت خەیاڵ "بریتییە لەو هێزەی کە بەهۆیەوە وێنەیەکی دیاریکراو، یان هەستێک دەستبەسەر چەند وێنەیەک بگرێت لە چامەکەداو بەهۆیەوە یەکێتییەک لەنێوانیاندا دروستدەبێت، ئەم هێزەش بە شاژنی مرۆڤایەتی ناو دەبات و شێوەی جیاواز وەردەگرێت، بۆیە هەندێک جار سۆزداری توندوتیژەو هەندێکجاریش ئارام و بێدەنگە)( بدوي، ١٩٥٨، ١٥٨) هەروەها دەڵێت(پێمواية خەیاڵ سەرەتایی، یان یەکەمینە، بەوەی هێزێکی ژیانییەو وا لەمرۆڤ دەکات ببێت)(Coleridge.biogarphialiteraria,p٢٥١)، واتە دەیەوێت بڵێت ئەوە خەیاڵە زیندویەتی دەبەخشێتە دەقەکەو بەهۆیەوە توانستی شاعیر نیشان دەدرێت، قەلماوی دەڵێت(خەیاڵ لەگەڵ ئیرادەی هوشیاردایە)( القلماوي، ١٩٨٣، ١٢٦)، بەمانایەکی تر خەیاڵ لەبیردا سەرهەڵدەدات، پاشان دەبێتە شیعرێکی مانادارو کاریگەر لەناو دەقەکەدا، شیلی دەڵێت"شیعر گوزارشتە لە خەیاڵ) (عشماوي،١٩٨٦ ، ٢٥١) چونکە شیعر بەدوای جوانیدا دەگەڕێت و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە پەیامە سەرەکییەکەی خۆی بگەیەنێت.

فەیلەسوف و ڕەوانبێژە کۆنەکانی عەرەب، خەیاڵیان بە بەشێک لە وێناکردن(تخيل) داناوە،( مواني ، ٢٠٠٠ ، ١٥٠)، چونکە وێناکردن لای ئەمانە بنچینەو بنەمای داهێنانی شیعرییە، جگەلەمەش کارکردن لەسەر سروشتی خەیاڵکردن، پەیوەستە بە سروشتی خەیاڵکردنی مرۆڤەکانەوە، ئەمە جگەلەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری و خوێندنەوەو.....تاد، ڕۆڵی دەبێت لەسەر ئەم خەیاڵکردنە، بەڵام دواجار هەموان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بۆچوونی فەیلەسوفە یۆنانییەکان و لەناویشیاندا ئەرستۆ، چونکە بیرەکانیان تێکەڵ بە بیری فەیلەسوفەکان کردووە.

ڕوانینی حازم القرطاجني بۆ خەیاڵ، لەسەر بنەمای ناساندن و دیاریکردنی بەهاکەیەتی لەسەر شیعر، چونکە خەیاڵ لای القرطاجني، بنچینەی پیشەیی شیعرییە و دەڵێت" ئەوەی پیشەی شیعر پێیهەڵدەستێت، بریتیە لە خەیاڵ و دژ نییە لەگەڵ ڕاستی و درۆ، لەبەرئەوە بۆچوونی ڕاست لە شیعردا، بەو شێوازەیە کە لەوانەیە پێشبینییەکانی ڕاست بێ، یان درۆ، بەڵام لەرووی ڕاستی و درۆییەوە نابێتە شیعر ، بەڵکو بەهۆی وتە خەیاڵیەکانەوەیە)( القرطاجني، د.ط، ٦٣ ) جگەلەمەش دەڵێت"بوونیەت لەشیعردا، بریتییە لە خەیاڵکردن لەهەرشتێک کە لەگەڵی دەگونجێت، مەرج نییە ڕاست بێت، یان درۆ)( القرطاجني، د.ط، ٨١)، کەواتە بنچینەی شیعر لای القرطاجني ڕاستی و درۆ نییە، بەڵکو خەیاڵکردنە، هەربۆیە دەڵێت" شیعر وتەی خەیاڵی و کێشدارە)( القرطاجني، د.ط، ٨٩) جگەلەمەش بەهۆی گرنگی خەیاڵ لە شیعر و دەرکردنی شیعر لە بازنەی ڕاستی و درۆ،

پێیوایە خەیاڵ" بریتییە لەو نوێنراوەی کە دەگاتە گوێگر، لەڕیگەی دەربرینی خەیاڵیانەی شاعیرەوە، یان ماناو شێوازەوە، بەهۆی ئەمەشەوە لە خەیاڵیدا وێنەیەک، یان چەند وێنەیەک دەبێتە هۆی بەخەیاڵبردنی، یان وێناکردنی، یان بەهۆیەوە وێناکردنی شتێکی تر)( القرطاجني، د.ط، ٨٩).

فارابی یەکەمین کەسە کە (وشەی خەیاڵکردنی(التخیل) بەکارهێناوە، ئەمەش وەک لێکدانەوەیەک بۆ وشەی لاساییکردنەوەی لای ئەفلاتون و ئەرستۆ، هەندێک جار لە هەندێک خاسیەتیدا هاوبەش دەبێت لەگەڵ وشەی جەخت و پشتڕاستکردنەوە(تصدیق) و لە هەندێ جاریشدا لەگەڵی جیاوازە، بۆیە خەیاڵکردن گوێڕایەڵییەو پشتڕاستکردنەوەش بەهەمان شێوە، بەڵام خەیاڵکردن پشتڕاستکردنەوەیە بۆ سەرسوڕمانی، بەڵام پشتڕاستکردنەوە گوێڕایەڵییە بۆ قبوولکردنی شتێک کە لەسەری وتراوە)( موانی ، ٢٠٠٠ ، ١٤٥)، کەواتە بەو پێیەی خەیاڵکردن گوێڕایەڵییە بۆ سەرسوڕمان، بۆیە کاریگەری لەسەر وەرگر دروستدەکات، ئەمەش مەبەستی هەموو شاعیرێکەو لەڕێگەی وتەی خەیاڵییەوە دێتەدی، و (بریتییە لە پێکهێنانەوەی شتەکان، لەپێناو خەیاڵکردن لەشتە باسکراوەکەی ئێستا، ئیتر بە جوانی بێت، یان ناشیرینی)( الفارابي، ١٩٩٦ ، ٤٢)، جگەلەمەش خەیاڵکردنی شیعریی لای فارابی( بریتییە لە پرۆسەیەکی وەهمی و شاعیر لەڕێگەیەوە کار لەسەر هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر دەکات و کاریگەری لەسەر دروستدەکات)( کراع، ٢٠٠٥ ،٩)، بەم پێیەشبێت "مرۆڤ هەر بەردەوامەو وێنایەکی نییە تا ڕێنوێنی بکات، بۆیە بەرەو کردەی خەیاڵکردن دەڕوات و خەیاڵ شوێنی وێناکردن دەگرێتەوە.

ابن سینا پێیوایە ( شیعر وتەی خەیاڵییە، خەیاڵیش بەهۆی کاریگەری دەروونەوە دەبێت، نەک عەقڵ)( کراع، ٢٠٠٥، ١) یان" بریتییە لە دووان لەگەڵ هێزی خەیاڵکردن لە دەرووندا، ئەم هێزەش لەشێوەی وێنەی هەستپێکراوادا کاردەکات و لەهاوبەشیدا دەگاتە هێزی خەیاڵ و تێیدا هەڵدەستێت بە نوێکردنەوەو پارچەپارچەکردنی وەک ئەوەی دەمانەوێت بونیادیبنێین"( مصلوح ،١٩٨٠، ١٢٢)

جرجانی دەڵێت(خەیاڵ هێزی پاراستنی ئەوەیە، کە هەست درکی پێدەکات)( الجرجاني، ١٩٨٥، ٢٥٢) هەر ئەم هێزەشە خەیاڵ و بیرەکان ڕێکدەخات و لێکیان جیادەکاتەوەو راستیەکان ئاشکرادەکات، هەروەها دەڵێت( خەیاڵ هێزێکی داهێنەرە و لەگەڵ ئیرادەی هوشیاردایەو دەمانگەیەنێتە راستی)(الجرجاني، ١٩٩١، ٢٥٣).

بەم پێیەش خەیاڵ بریتییە لە ڕەگەزێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەدەب و هیچ پەیوەندی بە ژیانی واقیعیەوە نییە، چونکە بەپێی پێوەرە عەقڵییەکان بڕیاری لەسەرنادرێت، چونکە وێنای عەقڵی پێناکرێت، بەوپێیەی جیهانێکی دیاریکراو نییە، یاخود خەیاڵ هەڵێنجراوی ئەو شتانەیە، کە ڕۆح ئارەزویان دەکاتەوەو ناتوانێت بەدەستیانبهێنێت، هەربۆیە ئەنیشتاین وتویەتی"خەیاڵ لە مەعریفە گرنگترە

"(Samuel Taylor Coleridge Biographia literaria, July, ٢٠٠٤,p٢٥١) ئەمەش بەو مانایەی، کە خەیاڵ سەرچاوەیەکی بەهێزی داهێنانە چاوەڕواننەکراوەکانە، چونکە ئەم کردەیە بە مەعریفە ناکرێن، خەیاڵی ئەدەبیش گوزارشتکردنە لەشتێک بە وشەو زاراوەی تر، واتە خاوەنی لادانە لە هەستکردن بە شتێک، یاخود خەیاڵ بریتییە لە پرۆسەی لێکدانی کارامەیی و یادەوەری و بەگەڕخستنی لە وێناکردنی نوێدا، یاخود بریتییە لە توانستی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە لە شتی نوێ، یان خەیاڵ پرۆسەی بەگەڕخستنی عەقڵ و توانستی عەقڵییە لە بیرکردنەوەو پلاندان و.......تاد.

کەواتە خەیاڵ لەشیعردا لەڕێگەی گونجاندن لەنێوان وێنەو شتەکاندا ڕوودەدات و یەکیاندەخات، بەشێوازێک هەندێک جار

بەهۆی بەهێزی گونجاندنەوە، وا هەستدەکەین وێنەکە یەکە، یان هەستەکە یەکە، یاخود خەیاڵ رۆحی شیعرو دروستکەری وێنا

جیهانییەکەیە، واتە دروستکەری رەگەزی یەکەمە، کە لەرێگەیەوە وێنەی نوێ بەرهەمدێنێت، یان خەیاڵ بریتییە لە کرۆک، یان رۆحی دەقی ئەدەبی، لەهەمانکاتدا وزەیەکی عەقڵییەو شیکارکردنی ئاڵۆزە، یان هێزی خودو چالاکی بیری و یەکیەتی نێوان هەست و نەستە، لەبەرئەوە تێگەیشتن لە راستی خەیاڵ ئاسان نییە، چونکە لەرێگەی جێکەوتەکەیەوە لێی تێدەگەین.

لەکۆی ئەمانەش دەگەینە ئەوەی کە خەیاڵ بریتییە لە توانای بونیادنانی وێنەو داهێنانکردن تێیدا، بەوەی کەرەستەی یەکەمی لە کوێوە دەهێنێت، کە بریتین لە هەستەکان و شتە بەرجەستەکان، یان وێنەیەکی داهێنراوییە، لەپێناو گواستنەوەی خوێنەر بۆ جیهانێکی تر و ناساندنی بە شتە مادییەکانی ئەم جیهانە، لەپێناو دروستکردنی کاریگەری و جێکەوت.

**١-٢- تێروانینە جیاوازەکان لەسەر خەیاڵ:**

لەبەرئەوەی خەیاڵ بەشێکە لە مرۆڤ، بۆیە لەگەڵ بوونی مرۆڤ و لەناو دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، بەهۆی ئەو حەزو خواستەی کە لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، جگەلەمەش هەم وشەکە، هەم مەبەست و بەکارهێنانی لەگەڵ ئێستادا جیاوازی هەبووە، چونکە خەیاڵکردن بە بەردەوامی هەیەو بۆ ئەم مەبەستە مرۆڤ هەوڵی جدی داوە، هەر بۆیە هەر لەسەرەتاوە لە حکایەت و ئەفسانەو داستان و.....تاد بەکارهاتووەو بەردەوامیش بەکاردێت، جگەلەمەش (بەگشتی خەیاڵ دابەشدەبێت بەسەر دوو جۆردا، بەشێکی خەیاڵ بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت، کە لە دیاردەکانی گەردوون بگەن و گوزارشتی لێبکەن، بەشەکەی تریان بۆ دەربڕینی ئەو مانایانەن، کە لە ناخیاندا هەیە، لە بەشی دووەمەوە بەشێکی تر جیادەبێتەوە، کە شارستانیەتی لەدەروونی مرۆڤەکانەوە بەرهەمیهێناوە و بریتییە لە خەیاڵی دەربڕینی، کەمەبەست لێی جوانکردنی دەستەواژەکانە، لەناو ئەمانەشدا بەشی یەکەم کۆنترین بەشە لە گەشەی دەروونی)( البستانی، ٢٠١٨ ، ١٢)

هەرچەندە لای فەیلەسوفانی یۆنانی وەک ( سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ ) وشەی خەیاڵ وەک خودی وشەکە باسنەکراوە، بەڵام خودی وشەکە وەک ئەرک و پەیامەکەی لای ئەرستۆ بوونی هەبووەو کاری لەسەرکردوە، بەتایبەتی لەمەسەلەی لاساییکردنەوەی شیعردا، بەوەی لاساییکردنەوە غەریزەیەکی مرۆییەو هەر لەمنداڵیەوە بوونی هەیە، بەمەش لەگیاندارەکانی تر جیادەبێتەوەو بەهۆی لاساییکردنەوەوە، زانیارییە سەرەتاییەکان وەردەگرین(أرسطو ، د .ط، ١٢)، بەمانایەکی تر ئەگەرچی ئەرستۆ باسی وشەی خەیاڵی نەکردووە، بەڵام لەلاساییکردنەوەدا پشتی پێبەستووە، چونکە پەیوەستی دەکاتەوە بە خەیاڵەوە، بەوەی شاعیر وێنەی شتەکان، وەک ئەوەی کەخەیاڵی دەکات و وێنای دەکات و وێنەکانیان دەکێشێت، یان ئەوەی کە پێویستە ببێت، یان دەیەوێت ببێت، بەهۆی خەیاڵەوە دەبێت.

لای ئەزموونگەرەکانیش خەیاڵ رۆڵی خۆی پێ بەخشراوە، چونکە شەپۆلی ئەزموونگەرایی وای لە هۆبزکرد، یەکگرتن لە نێوان خەیاڵ و یادەوەریدا بکات، هەر بۆیە خەیاڵ لای هۆبز ئەو شاژنەیە، کە هەڵدەستێت بە تێکەڵکردنی تێگەیشتنە هەستیارییەکان لە شێوەی وێنەی جیاوازدا، چونکە خەیاڵ بریتییە لە هەستێکی تێکەڵبوو، بەو مانایەی تێگەیشتنە هەستیارییەکان خەیاڵێکی ڕوون و جێگیرمان پێشکەشدەکات، و دواجاریش خەیاڵ وێنەیەک پێکدەهێنێت، کە پێیدەوترێت ئاڵۆزی(نصر، ١٩٨٤ ، ١٦)، بەم پێیەش بێت هۆبز ڕۆڵی خەیاڵ لە پرۆسەی داهێناندا کەمدەکاتەوەو پێیوایە(سوودی نییەو تەنها ئاڵۆزی بۆ شتەکان دروستدەکات، بەشێوازێک بە یاریکردن و جۆرێک لە گەندەڵی لە هەستەکان دەزانێت، هەروەها

sjh@univsul.edu.iq

بەهای خەیاڵ، لە بەرژەوەندی عەقڵ کەمدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە بە کرۆکی شیعری دادەنێت)( کراع، ٢٠٠٥ ، ٢٠) بنەمای تێڕوانینی کانت بۆ خەیاڵکردن و وێناکردنی داهێنان، لەسەر سێ بنەما بووە کە بریتین لە (هەست، خەیاڵ و تێگەیشتن، ڕێبازەکەی)، بۆیە هەرکاتێک لەسەر شتێکی ئەزموونی جێبەجێکرا، ئەوا وتەیەکە لە وتەکانی تێگەیشتن، خەیاڵیش شتێکە لادان لێی مەحاڵە، بەمەش شتی سێیەم لەدایکدەبێت، بۆ ئەوەی لەلایەک بنوسێت بە وتەی زەینەوە، لەلایەکی ترەوە بگونجێت لەگەڵ ڕوخساردا، ئەم شتە سێیەمەش خەیاڵە)( العشماوي، ١٩٨٦، ٢٢)، بەمەش خەیاڵ ناوەندێکە لەنێوان هەست و تێگەیشتندا_هێزی مرۆییەو لەم بارەوە کانت دەڵێت" خەیاڵ چارەنوسی هێزی مرۆڤەو هیچ هێزێکی مرۆڤ بە ئەندازەی خەیاڵ بەهێزنییە، چەندێک هوشیاری مرۆڤ کەم ببێتەوە، چارەنوسی خەیاڵ لە مەترسیدایە"( هلال،٢٠٠٨، ٤٠١١) لەڕوانگەی هیومەوە وتەو بیرەکان، شتێک نین، جگە لە کۆپییەکی کاریگەری ڕەسەن لەسەر هەستەکان، جگەلەمەش وتەو بیرەکان کۆپییێکن و لەیەک دابڕاون، چونکە خەیاڵ ئەگەر بەراوردنەکرێت بە هەستی پەتی دەستەوەستانە، ئەم نەنگیەش وادەکات بەرەو ئاڕاستەی جەختکردنەوە بڕوات و نکوڵی لە تواناکانمان بکات لە خەیاڵکردنی شتە هەستپێکراوە نوێکاندا، بۆیە خەیاڵ دەستەوەستانە لەبەردەم هەست و توانای تێکەڵکردنی شتە درکپێکراوەکانی نییە(نصر، ١٩٨٤، ١٥)

کروتشە پێیوایە هونەر ژیری(حدس) یان وێنە، یان خەیاڵێکە و لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازیش لەنێوان وێنەی پەتی و ناپەتیدا دەکات، لەم بارەوە دەڵێت" ئەگەر ژیری هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی وێنە، نەک کوتلەیەکی نایەکگرتوو لەوێنە، ئەوا پێویستە وێنەکە لە دەوری یەک چەقدا بسوڕێتەوە، بەمەش ژیری لە شەپۆلی خەیاڵ جیادەکاتەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کۆکردنەوەی وێنەو خەیاڵکردن لە کارێکی هونەریدا و یەکپێگرتنیان، ئەوە دەسەلمێنێت کە پێویستە بیر توانای داهێنانی هەبێت)( العشماوي، ١٩٨٦، ٢٤٤) وردزۆرث جیاوازی لەنێوان خەیاڵ و وەهمدا دەکات، بەوەی (وەهم نێگەتیڤە و بەگۆڕینی ڕوخساری وێنەکە دەگۆڕێت و دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی بینەرەکەی، بەڵام خەیاڵ هاوێنەیەکی(عەدەسە) زیندووەو شاعیر لەڕێگەیەوە بابەتە سەرنجدارەکانی دەبینێت، بەوەی لە شێوەو ڕەنگیاندا گرنگ و ڕەسەنن)( هلال،٢٠٠٨، ٤١٢)، بەدەرلەمەش وەهم تەنها ڕوخساری وێنەکانی بەسەو دیمەنەکانیش کە وێنەیان دەگرین، گەورەو ساختەن و زوو لەناودەچن، بەڵام خەیاڵ ئەو هاوێنەیەیە، کە تێدا ڕاستی شتەکان دەبینێت، بۆیە وێنەکە لەڕووی شێوەو ڕەنگەوە، ڕاست و ڕەسەنە.

ابن سینا پێیوایە خەیاڵکردن پرۆسەیەکە دەروونی مرۆڤ پێیهەڵدەستێت و وای لێدەکات لەسەربنەمای سایکۆلۆژی کاربکات، وەک هەر کارنامەیەکی تری دەروونە جیاوازەکان، لەم سۆنگەوە دەروون دەکات بە دوو هێزەوە(هێزی جوڵەیی و بزاوتی، هێزی هەستپێکراو) هیزی هەستپێکراویش دەکات بەدووبەش:

١-هێزێک لە دەرەوە هەستی پێدەکرێت، کە بریتییە لە پێنج هەستەوەرەکان(بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان)

٢-هێزێک لە ناوەوە هەستی پێدەکرێت، بەهەمان شێوازی جۆری یەکەمە لەڕووی هەستەکانەوە. (عرقسوسي وسن اخرون، ١٩٨٢، ١٢٣)بە گشتی ابن رشد پەیوەستبووە بەوەی، کە پێشتر فەیلەسوفەکانی وەک ئەرستۆ لەسەر خەیاڵ وتویانە، بۆیە خەیاڵکردن بەهاوواتای لاساییکردنەوەو مەدحیش بە دیلی تراژیدیا و تەنزیش بەدیلی کۆمیدیا دەزانێت، پێیوایە شاعیر یەکەمجار بەدوای مانای گونجاودا دەگەڕێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت وێناو خەیاڵ بکات، بەڵام وای کردوە خەیاڵکردن مانای وەکیەکی، واتە لێکچواندنی پەتی وەربگرێ، کە مەبەست لێی جوانکردن و ناشرینکردن نییە)( کراع، ٢٠٠٥، ١٥ )، هەروەهاخەیاڵکردن لای ابن رشد پێویستی بەوەنییە لەبارە ئاساییەکە لایبدەین، لەکاتێکدا خەڵکی بەپێی سروشتی خۆیان

خەیاڵدەکەن و لەکارەکاندا لاسایی یەکتری دەکەنەوە، بەڵام پیشە بۆ لاسایکەرەوەکانە)( ابن رشد، ١٩٧٣ ،٢٠١ )، هەروەها دەڵێت" خەیاڵکردن و لاساییکردنەوە لە وتە شیعرییەکاندا، لەلایەن سێ شتەوە دێت، لەلایەن ئاوازێک کە لەسەری ڕێکەوتون، لەلایەن کێشەوە، لەلایەن خودی لێکچواندنەکەوە)( ابن رشد، ١٩٧٣، ٢٠٣ )، بەم پێیەش بێت "خەیاڵ لە بازنەیەکی تەسکدا نەماوەتەوەو یەک ئەنجام بدات بەدەستەوە، بەڵکو کاردەکات بۆ پێکهێنانی ڕەگەزەکانی کێش و ئاواز ، لەگەڵ ڕێگەی پێکهێنانی ماناکان و دەربڕاوەکان لەگەڵ یەکدا ، تێڕوانینی ابن رشد "ڕوانینێکی لۆژیکیە بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان و پێوانەکانی شیعر بەپێوەرە لۆژیکییەکان، بۆیە لە لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژی و ڕەخنەییەکاندا بە نێگەتیڤ دەشکێتەوە)( رکراع، ٢٠٠٥، ١٦)

عبدالقادر جرجانی لە نهێنییە ڕەوانبێژییەکاندا باسی خەیاڵ و چەمکی خەیاڵکردن کردووە و بە هاوواتاو بەرامبەر ڕاستی داناوە و لەم بارەوە دەڵێت"پێویستە یەکەمجار قسە لەسەر مانابکەین، کە دابەشدەبێت بەسەر دوو جۆردا، عەقڵی و خەیاڵ و هەر یەکەشیان جۆری خۆی هەیە)( الجرجاني، ١٩٩١، ٢٦٤ )، واتا عەقڵییەکانیش بریتین لە مانا ڕاستەقینەکان، کە لە ئەدەبدا بوونیان هەیەو خاوەنی بەڵگەی عەقڵین، یان هەڵێنجانی عەقڵیان هەیە لەلایەن زاناکانەوە، بەڵام خەیاڵییەکان ناتوانرێت بوترێت کە ڕاستین، ئەوەی سەلمێنرا جێگیرەو ئەوەی نەرێکرا نەرێکراوە، چونکە زۆربەی ڕێگەکان تەنها بەئەگەر ڕوودەدەن و هیچ دابەشکردن و پۆلێنێکی نییە، بەڵکو چین و پلەی هەیە،)( الجرجاني،١٩٩١، ٢٦٧)، چونکە خەیاڵکردن ئەوەیە لە بازنەی ڕاستی و درۆ دەچێتە دەرەوە، ئەمەش زیاتر لە شیعردا باڵادەستەو ناخرێتە ناو چوارچێوەیەکەوە، بەهۆی ئەمەشەوە (شاعیر ڕێگەیەک دەدۆزێتەوە بۆ داهێنان و فراوانکردنی شیعرەکەی، داهێنانکردن لە وێنەی شیعریی و فراوانکردنی ماناکان)( الجرجاني، ١٩٩١ ، ٢٨٢) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خەیاڵکردن لای جرجانی، بەوەی(شتێک لای شاعیر جێگیردەکات، کەخۆی لە بنچینەدا جێگیر نییە، داوای شتێک دەکات، کە ڕێگەی بەدەستهێنانی نییە، و شتێک دەڵێت کە فێڵ لە خۆی دەکات و شتێک دەبینێت، کە خۆی هەر نابینرێت)( الجرجاني، ١٩٩١،

**١-٣- خاسیەتەکانی خەیاڵ**

لەکۆی کارنامەکانی خەیاڵدا، دەتوانین چەند خاسیەتێک دیاریبکەین، کە دەبنە بنەماو تەیبەتمەندییەک بۆ خودی خەیاڵ، لەوانە:

-سەرلەنوێ پێکهێنانەوەو بونیادنانەوەی کارامەییەکانی ڕابردوو لە شێوازی نوێدا، کە پێشتر وێنەی نەبووە.

-هێزی هاوبەش و بەشداریکەرە لەنێوان هەست و داهێنان و یادەوەری بیرکردنەوەدا و کاریگەریان لە نێواندا دروستدەکات.

-بە ئاسانی گوزەرکردنە لەنێوان بیرەکاندا، واتە خەیاڵ هەموو بەربەستەکان لەپێناو ئامانجەکاندا دەبڕێت.

- گەڕاندنەوەی شتەکانی ڕابردو و ئێستا و تەنانەت ئایندەشە، لەگەڵ لێکدانیان و دروستکردنی وێنە لە دەقدا.

-خەیاڵ کلیلی کردنەوەی هەموو ئاڵۆزییەکانە.

**١-٣- خاسیەتەکانی خەیاڵ**

لەکۆی کارنامەکانی خەیاڵدا، دەتوانین چەند خاسیەتێک دیاریبکەین، کە دەبنە بنەماو تەیبەتمەندییەک بۆ خودی خەیاڵ، لەوانە:

-سەرلەنوێ پێکهێنانەوەو بونیادنانەوەی کارامەییەکانی ڕابردوو لە شێوازی نوێدا، کە پێشتر وێنەی نەبووە.

-هێزی هاوبەش و بەشداریکەرە لەنێوان هەست و داهێنان و یادەوەری بیرکردنەوەدا و کاریگەریان لە نێواندا دروستدەکات.

-بە ئاسانی گوزەرکردنە لەنێوان بیرەکاندا، واتە خەیاڵ هەموو بەربەستەکان لەپێناو ئامانجەکاندا دەبڕێت.

- گەڕاندنەوەی شتەکانی ڕابردو و ئێستا و تەنانەت ئایندەشە، لەگەڵ لێکدانیان و دروستکردنی وێنە لە دەقدا.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

-خەیاڵ کلیلی کردنەوەی هەموو ئالۆزییەکانە.

٣-خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی دەقی شیعرییەو دەکرێت لە لێکچوانێک یان خواستێک.....تاد وەک خەیاڵێکی لاوەکی بخرێتەڕوو، نەک هەرئەمەش لای کانت خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی پرۆسەی داهێنانە، چونکە خەیاڵ ئەوەی لە زەین و بیرەکانە، دەگوازێتەوە بۆ واقیع، لەگەڵ ئەمەشدا هەستکردنە بەجیاوازەکان کە بەشێوەی لێکدابڕاو لەمێشکدا هەن، بۆیە بەستنەوەیان لەسەر بنەمای بوونیان لەهەستدا زۆر پێویستە، لەگەڵ ئەمەدا دەبێت توانایەکی کارامەمان تێدابێت، کە بەهەمان شێوازو پێکهاتە، ڕوخسار پیشانییدەدات، ئەمەش جگە لە توانای خەیاڵ بەهیچی تر ناکرێت)( العشماوي، ١٩٨٦، ٢٢).

٥-توانای بەرهەمهێنانی وێنەی جوان و بەهێز، زیاتر دەکات.

٦-کاریگەری خێرا لەسەر خوێنەر دروستدەکات.

٧-زمانی شیعریی و خەیاڵی شاعیر، دوو دیوی دراوێکی شیعری شاعیرن.

٩- خەیاڵ ئامرازێکی بەهێزی شاعیرە بۆ وێنەگرتن،خستنەرووی شتەکان و ڕووداو.......تاد.

١٠- ڕێگەیەکە بۆ ناساندنی زانیاری

**٢- جۆرەکانی خەیاڵ لە شیعرەکانی شاعیردا**

خەیاڵ لەدەقی شیعرییدا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنان، جگەلەمەش زۆرجار دەتوانێت ببێتە پارسەنگ بۆ بنەماکانی تری دەق، هەربۆیە بەهۆی بەهێزی و کاریگەرییەوە، لەدەقی شیعری نوێشدا شاعیر خەیاڵ دەکاتە هێزێک لە هێزە کاریگەرەکان لەسەر خوێنەر، ئەمڕۆش خەیاڵ بووەتە بنەمایەکی سەرەکی خوێندنەوەی ئایندەو جوانییەکان، یان وێناکانی ناخی شاعیر ، بۆیە دەتوانێت لەدەقی شیعرییدا ببێتە دەروازەیەکی سەرەکی ناسین و کاریگەری و لێکدانەوەی ناوەڕۆکی دەقەکان.

لەم سۆنگەوە خەیاڵ لای کولردەج یان بنچینەییە، یان لاوەکی، یەکەمیان هێزی یەکەم و زیندوییەتیەو وا لەهەستکردنی مرۆڤ دەکات بوونی هەبێت، بەڵام خەیاڵی لاوەکی بریتیە لە دووبارەبووەی وێناو خەیاڵی بنچینەیی، لەگەڵ ئەوەی لەناو ئیرادەی هوشیاردایە، لەڕووی کارنامەوە وەک خەیاڵی بنچینەییە، بەڵام لە پلەو چالاکیدا لەگەڵی جیاوازە، بەوەی لەناودەچێ، لەپێناو ئەوەی سەرلەنوێ شت بونیادبنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەکرۆکیدا زیندویەتی هەیە، بەڵام ئەو بابەتانەی کە تێیدا کاردەکات، لە کرۆکدا جێگیرەو ژیانی تێدانییە)( بدوی، ١٩٥٨ ، ٨٧)، بەدەرلەمەش خەیاڵی بنچینەیی بریتییە لە خەیاڵێکی گشتی و تایبەت نییە بە مرۆڤێک ، چونکە هاوکاری پرۆسەی درکپێکردن دەکات و وایلێدەکات کە بوونی هەبێت، بەڵام خەیاڵی لاوەکی بریتییە لە خەیاڵی شیعریی، تایبەتە بە داهێنەرەکان بە گشتی و شاعیرەکان بە تایبەتی و پەیوەندییە لۆژیکییەکان لەنێوان شتە جێگیرەکاندا دەشکێنێ، لەپێناو دروستکردنی پەیوەندی تر بەپێی جیهانە تایبەتەکەی خۆی و ئەوەی کە دەیەوێت خوێنەر پێیبگات)(کراع،٢٠٠٥، ٢٥ )، کەواتە خەیاڵ توانایەکە هەڵدەستێت بە تێکەڵکردن و پێکهێنان لەو وێنانەی لە مێشکدان، لە پێناو دروستکردنی وێنەیەکی نوێ، هەربۆیە خەیاڵ لای القرطاجني لە چوار لاوەیە: (لەلایەنی ماناوە، لەلایەنی شێوازەوە، لەلایەنی دەربڕینەوە، لەلایەنی کێش و قافیەوە)( القرطاجني، د.ط، ٨٩)، بۆیە خەیاڵ لای القرطاجني پرۆسەیەکی تەواوکارییەو هەموو ڕەگەزەکانی دەقی شیعریی دەگرێتەوە، هەر لە دەستەواژەو ماناو شێوازو کێش و قافیەوە، لەسۆنگەی ئەم تێڕوانینانەو ئەو ئەرک و کارنامانەی کە خەیاڵ هەیەتی، جۆرەکانی خەیاڵ بریتین لە:

**٢-١- خەیاڵی دروستکەر(التولیدی) (generative imagination):**

ئەو جۆرە خەیاڵەیە کە لە ڕێگەی تێرامان لەدەقدا شتێک دەخوڵقێنێت، یاخود دوای ئەوەی خەیاڵێک لەسەر شتێک دروستدەکرێت و وێنەیەکی لێ بەرهەمدێت، بەو خەیاڵە دەوترێت دروستکەری، کۆڵریدج دەڵێت( ئەو جۆرە خەیاڵەیە کە بریتییە لە وەهم)( هلال، ١٩٧٩ ،١٦٠ )، یاخود ئاماژەیە بۆ توانای دروستکردنی بیرۆکە، یان وێنەی نوێ لە مێشکدا، ئەو بیرۆکانەش لەسەر بنەمای واقیعی بەرجەستە، یان ڕاستییە فیزیکییەکان نین. ئەمەش توانای دروستکردنی ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و .....تاد شاعیر نیشاندەدات، کە لەواقیعدا بوونیان نییە، لەگەڵ بیرکردنەوە لە بیرۆکەکان کە پەیوەستن بە داهاتوو یان جیهانە خەیاڵییەکانەوە.

جگەلەمەش خەیاڵی درووستکەر لایەنێکی خەیاڵی داهێنەرە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێی هونەری، ئەدەبی، یان زانستی، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە خەیاڵە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی داهێنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتیدا، واتە کاتێک دەبێتە هۆی هێنانەدەی بەرهەمێکی جیاواز، بەمانایەکی تر خەیاڵ دەبێتە هۆکاری دروستکردن و بەرهەمهێنانی وێنایەک، کە بوونێکی واقیعی نییەو تێیدا جوانی و ئاکتێک دەخاتەڕوو، کەواتە خەیاڵی درووستکەر لە شیعردا پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە چەمکی خەیاڵ بە گشتی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی شیعردا بەتایبەتی، بەوپێیەی ئاماژەیە بۆ توانای دروستکردنی وێنە و بیرۆکەی نوێ بە شێوەیەکی داهێنەرانە ، کە ڕەنگە دژایەتی واقیعی کۆنکرێتی بکات یان تێیپەڕێنێت، هەر بۆیە دەتوانێت بە چەند شێوازێک دەربکەوێت:

**-خەیاڵی وێنەی بینراو:** شاعیر دەتوانێت خەیاڵی بەرهەمهێن بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی وێنەی بینراوی بەهێز، کە بیرۆکە و هەستەکان بە شێوەیەکی نوێ و داهێنەرانە دەگەیەنێت. لەوانەیە ئەم وێنانە پڕ بن لە مێتافۆڕ و هێما، کە بەڕووی جیهانە نامۆکاندا دەکرێتەوە، وەک دەڵێت:

من خەیاڵم وەکو هەتاو

ئەیانگاتێ وجێشیان دێڵێ

یان وەکو پەڵە هەورێ

ژان بەبارانەوە بگرێ

بەسەریاندا دێت و ئەڕوا .....بەرگی دووەم، ل ٣٨

شاعیر بەڕاشکاوی باس لەو بەهێزیەی خەیاڵ دەکات کە بەبێ گوێدانە کات و شوێن و بنەماکان، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و وەک هەتاو سەیری دەکات، بەوەی بەدەرکەوتنی کۆی کون و قژبنەکان دەگرێتەوە، بەمەش دەست بەسەر دەقدا دەگرن و ڕۆڵیان لەسەر مانا و مەبەستەکان دەبێت، هەروەها هێنانی هەتاو و هەور و یەکگرتنیان لەگەڵ خەیاڵ لەپێناو گەیاندنی مەبەستێکە، ئیدی لە ڕێگەی یەکێکیانەوە بێت، یان هەردووکیانەوە، بۆیە هاوبەشییکی دروستکردووە لەڕێگەی گونجاندنەوە، بەمانایەکی تر لەم دوانەییەدا فەزایەکی خەیاڵی لەپێناو وێناو وێنەیەکی مەبەستداردا خستووەتەڕوو، یان دەڵێت:

شەهید نەوی

لەڕێگادا بەرەو کاوتنگ

خەیاڵ: ئاوڕی دایەوە

لەگەڵ هەنسکی گریانا

sjh@univsul.edu.iq

ئەم چیرۆکەی گێرایەوە:............بەرگی١ل١٦٠

لەم دەقەشدا شاعیر خەیاڵ دەکاتە کارئەکتەرێکی سەرەکی و پاڵەوانی شانۆکان، بۆیە لەگەڵ باسکردنی ئازارەکان، دەبێتە گێرەرەوەی سەرجەم نەهامەتی و بەسەرهاتەکانی گەلی کورد، بەمانایەکی تر خەیاڵ واقیع بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەمەش لەپێناو ناساندنی ستەمەکان بەهەر شێوازێک بێت.

**ب-خەیاڵی ئەفسانەیی:** شاعیر دەتوانێت ئەفسانە یان چیرۆکە ئەفسانەییەکان بەکاربهێنێت بۆ هێنانەدی خەیاڵی دروستکەر ، بەوەی کارەکتەر و ڕووداوێک دروستبکات، کە لە واقیعی ئاسایی تێدەپەڕن و سنووری خەیاڵ فراوانتر بکەن، وەک دەڵێت:

چ ئەسپیکی ئەفسانەیی باڵدارە وا

لەم کۆتایی دنیاوە

بەپرتاو دێ و هەڵم ئەگرێ و ئەمفڕێنێ و دوور دوور ئەمبا

بەرەو هۆبەی ئارانی تۆ...بەرگی سێیەم،٤٨٥

هێنانی ئەسپی باڵدار لەلایەک بەخشینی فەزایەکی جوانیە بە دەقەکە، لەلایەکی تریشەوە بەخشینی خەیاڵێکی کراوەیە، هەمووشی لەپێناو یەک مەبەست کە بریتییە لە نیشاندانی خاسیەتی وەفاداری و دڵسۆزی خۆی، هەر لەبەر ئەمەشە لە شیعری کوردیدا چەندین شێوەی خەیاڵ هەیە، کە شاعیر دەیەوێت لەڕێگەیەوە وەسفی ئەو ماندوێتییە جەستەیی و دەروونییە بکات، کە لە واقیعدا ئەزموونی دەرکردوە لەپێناو بەرامبەردا، یاخود دەڵێت:

من هاتووم سەفەرێ پێکەوە بۆ دنیای ئەفسانەو جیهانی

ناو خەون و شیعر بکەین. سەفەرێ: کات و شوێن، سەردەم و

چاخەکان هەرهەمووی پێکەوە لوول ئەکاو رابردو و ئێستاکەو

دوا ڕۆژیش بەیەک جار تەی ئەکا...بەرگی شەشەم، ٣٠٢

**ت-گوزارشتی هەست و بیری کەسی:** شاعیر دەتوانێت خەیاڵی دروستکەر بەکاربهێنێت بۆ بەرجەستەکردنی هەستی ناوەوە و بیرکردنەوەی کەسیی خۆی بە شێوەیەکی نوێ، بەشێوازێک ڕێگە بە خوێنەر دەدات هاوسۆزی و بیرکردنەوە بێت لە جیهانە ناوەکییە نوێکان، وەک دەڵێت:

فێری گەمەی ڕۆلێت و پۆکەر نەبوویت

هێشتا تۆ هەر خەیاڵەکانت باخچەبوون

بۆ گوڵی خەم و هەژاری......ئێستا کچێک نیشتمانمە،ل٣١

خەیاڵ لەم دەقەدا نیشاندانی قۆناغێکی بەرهەمهێنانی شوێنێک و لەخۆگری هەموو خەم و ئازارەکانی ژیانە، لەپێناو بەخشینی جوانی و هیوایەک بە مرۆڤەکان، ئەمەش ئاستی وردی و بیرتیژی شاعیر نیشاندەدات لە بەخشینی خەیاڵ لەدەقدا، بەمانایەکی تر هەست و سۆز بڕبڕەی پشتی شیعرە و بەبێ ئەو، شیعر زۆر لاواز دەبێت، لەکاتێکدا ئەو واقیعەی کە کاریگەری لەسەر شاعیر دروستدەکات بۆ نووسینی دەقەکەی، زۆرجار لەبەرگی خەیاڵدا دەخەینەڕوو، بۆیە تۆ ناتوانی شیعرێک قبوڵ بکەیت کە وابەستەی واقیعێک بێت، کە شاعیر ئەزموونی کردووە، بەبێ ئەوەی شاعیر بە خەیاڵی خۆیەوە نەتباتەوە ناو وێنەکە.

**پ-فراوانکردنی مانا و ڕەهەندەکان:** شاعیر لەبری ئەوەی پابەند بێت بە ڕاستییە ڕواڵەتیەکانەوە، دەتوانێت خەیاڵی



SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

دروستکەر بەکاربهێنێت بۆ فراوانکردنی مانا و ڕەهەندە فیکرییەکانی دەقی شیعریی، بەهۆشیەوە قووڵی و ئاڵۆزی زیاد دەکات، بەمانایەکی تر بەکارهێنانی خەیاڵی دروستکەر لە شیعردا، ڕێگایەکی هونەرییە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقەکان بە نوێگەری و داهێنان، هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی شیعرێکی مانادار و ستاتیکی، جگەلەمەش هانی خوێنەران دەدات بۆ گەڕان و تێگەیشتن لە جیهانە نوێیەو دەوڵەمەندەکان لەرووی ماناوە، وەک دەڵێت:

من ئەترسم خەیاڵی خۆم

تۆقین زۆری بۆ بهێنێ و ڕۆژێ بڕواو

دەرگای ژووری شیر و شمشێر بکاتەوەو

قاچ لەسەر قاچ بەرامبەری

وێنەی قەعقاع دابنیشێ و

چی ئەزانێ دەربارەی ناو و

چرپە چرپ و وڕێنەکانی شەوگارم

هەمووی بڵێ...بەرگی ٦ ،٧١

ئەگەرچی خەیاڵ بە هۆی ڕوداوەکانەوە بووەتە کارئەکتەرێکی ناو جیهانە واقیعیە ترسناکەکە ، بەڵام لەگەڵ خۆیدا ڕەهەندی فیکری و سیاسی دەناسێنێت، بەمەش ئاسۆیەکی بەڕووی ڕووداوەکەدا کردووەتەوە، بۆیە ئەم خەیاڵە بەرفراوانە، بەبێ واقیعێک کە شاعیر بتوانێت لەسەری بوەستێت و هەستێک کە پشتی پێ ببەستێت، جگە لە وشەکانی هچی تر نییە، چونکە ژینگە و واقیعەکەی گرنگترین پێکهاتەکانی شاعیرن و ئەوەی نەتوانێت بە خەیاڵ و هەستی خۆی وەسفی واقیعی خۆی بکات، ناتوانێت واقیعی ئەوانی دیکە وەسف بکات.

**٢- ٢- خەیاڵی بەرهەمدار(الانتاجی):**

خەیاڵی بەرهەمدار زاراوەیەکە لە دەروونناسی و فەلسەفەشدا بەکاردێت، لەپێناو ئاماژەدان بە توانای دروستکردنی بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە. ئەم جۆرە خەیاڵە بە توانای بیرکردنەوە لە دەرەوەی سندوق و بەرهەمهێنانی بیرۆکە، کە لە واقیعی بەرجەستە، یان ڕاستییە ناسراوەکان دەناسرێت، جیادەکرێتەوە.

خەیاڵ لەدەقدا سەرەکیترین شتە کە شاعیر پێویستی پێیەتی، بەو پێیەی خەیاڵ جیهانی کێشمەکێشی نوێیەو لەپێناو سەلماندنی بوونی شاعیر بەپێی هەستەکانی و لەڕێگەی ئەو وێنانەی کە لە جیهانە واقیعیەکەدا هەن، خەیاڵ دەکاتە کەرەستەو بنەمایەکی سەلماندنی توانست و ناسینی بەرجەستەکان، لەگەڵ ئەوەی دەقەکان ڕەنگدانەوەی هەست و بینینی شاعیرە بۆ واقیع، ئەمەش بەپێی دەروون و هوشیاری و بیری شاعیرەکەیە، بەم پێیەش بێت خەیاڵی بەرهەمدار ئەو جۆرەیە کە لەڕێگەیەوە دەقێکی بەرهەمدار بەرهەمدێت، ئەم جۆرە کۆلریدج (بە خەیاڵی یەکەم ناوی دەبات و کار لەنێوان هەستی پەتی و تێگەیشتندا دەکات، واتە پردی پەیوەندی نێوان بیرو جیهانی شتەکانە) )( هلال، ١٩٧٩ ،١٦٠)، یان( خەیاڵی بەبەرهەمەو ئازادە لەیاساو ڕێساکانی عەقڵ، چونکە پەیوەست نیە بە ئەزموونی هەستیەوە)(ابن سینا، ١٩٨٢ ، ١٦٠) لەم ڕوانگەوە دەتوانین زۆر لەشیعرەکانی شێرکۆ بخەینە ناو ئەم جۆرەیانەوە، چونکە دواجار هەموویان قسەکردنە لەسەر بیرو جیهانی واقیع، لەم سۆنگەوە خەیاڵی بەرهەمداردەتوانێت بە چەند شێوازێک دەربکەوێت

**خەیاڵی داهێنانی هونەری و ئەدەبی:** ئەو جۆرەیە کە شاعیر خەیاڵی بەرهەمدار بەکاربهێنێن بۆ دروستکردنی بەرهەمی هونەری یان ئەدەبی نوێ، لەسەر بنەمای چەمک و بیرۆکەی نوێ، کە پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە، وەک دەڵێت:

لە جۆلانەی ناو باڵکۆنی سەرنهۆمی بەرزەوە

وەکو لەشم خەیاڵم ڕائەژەنم

بۆ بەرەوەخوار، بۆ بەرەو ژوور ڕوانیم

دێت و ئەچێ و

ئەوەی خەڵکی نایبینێ من ئەیبینم.....بەرگی دووەم، ل٨٢

باڵکۆن و جۆلانە دوو دوانەی هۆکارن بۆ ڕاچڵەکینی بیریی، یان ئارامکردنەوەی دەروون بەهۆی سروشتەکەیانەوە، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە، کە وێناو ڕوانینی جیاوازتر لەو دیمەنە، یان واقیعە ببینێت و دەقی لێ بەرهەم بهێنێت، کە چەندین خەڵکی تر هەمان شتیان بینیووە، بەڵام بێ بەرهەم بوون، بەمانایەکی تر دەیەوێت بڵێت بەهۆی کردەی بیرکردنەوەو خەیاڵەوە هەمیشە دۆزەکان دەخەنە ژێر پرسیارو لەڕێگەی شیعرەوە بەخوێنەرو دەسەڵاتدارانی دەڵێتەوە.

**ب-وێنەی بینراو و مێتافۆر:** شاعیر دەتوانێت خەیاڵی بەرهەمدار بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی وێنەی بینراوی بەهێز، کە هەست و بیرۆکەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە و نوێ دەگەیەنێت. ئەم وێنانەش لە واقیعی کۆنکرێتی تێدەپەڕێن و مێتافور و هێما بەکاربهێنن بۆ بەرزکردنەوەی دەربڕینی شیعری ، وەک دەڵێت:

مامۆستایەک بەناو پۆلدا

ئەهات ..ئەچوو

بەسەرنجی وێڵیدا دیار بوو

خەیاڵی ئەو

وەک گەوەڵە هەوری دەم با

بۆ شوێنێکی دور فڕی بوو....بەرگی دووەم، ٢٥٦

شاعیر تێڕوانینی مامۆستایەک لەگەڵ گەواڵە هەوری دەم بای بەیەکەوە هێناوە، لەپێناو نیشاندانی ڕادەی ڕۆچوون و دابڕان لە شوێنی مەبەست، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو وێنایە وەک وێنە نیشانبدات، لەپێناو خوێندنەوەی ئەو ڕوانینەی، کە بووەتە هۆی دابڕان، یان ڕۆشتنی خەیاڵی مامۆستاکە، کە خودی شێرکۆ خۆیەتی و دەیەوێت بڵێت سەختیەکانی ژیان هەمووان لە ژیانی واقیعی دادەبڕن، لەگەڵ ئەمەشدا ڕادەی هوشیاری مامۆستا نیشاندەدات، کە لەگەڵ ئەم بارودۆخەشدا بەردەوام پێش خۆی دەبینێت و لەڕێگەی بینین و خەیاڵەوە دەتوانێت بەربەستەکان ببڕێت، ئەمەش ڕادەی وردی و وێنای شاعیرە، بۆ خوێندنەوەی هەست و نەستی هاووڵاتی و ئاگاداربوون لەبارودۆخی.

**ت-گوزارشتکردن لە خەون و خەیاڵ:** خەیاڵی بەرهەمدار پێکدێت لە بەرجەستەکردنی خەون و خەیاڵی کەسی، و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی شیعریی و ئیلهامبەخش و پڕ لە هێمادار و بەهۆشیەوە شاعیر دەتوانێت دۆخەکان بە خەیاڵ بگەیەنێت، واتە خستنەڕووی تێڕوانینەکان لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی...تاد، ئەگەرچی باسەکەش لەڕوانگەی جیهانی خەیاڵەوە بخاتەڕوو، مادام دەتوانێت وێنەیەک دروستبکات و بەشێوەیەکی نوێ باس لە پرسە ئاڵۆزەکان بکات، وەک دەڵێت:

رەفیقان

بەڵام ئەمز هەتاکو

ئەم ئاشی غوربەت وحەسرەتە بهارێ

خەیاڵی حزوری لای ئێوەم وردترە .....بەرگی سێیەم، ٥٩٤

یان:هەر سوراوم ئەدا لەگۆنەو ڕوومەتی

کچی شیرینم

بەڵام وەختێ ئێوە هاتن

وەک برووسکە،

داتان لە هەواری شیعرم.

لەو ڕۆژەوە ئیتر منیش:

چەکم خستۆتە سەر شانی کچی شیعرم

فیشەک لغی هێناوە بۆ کچی شیعرم

بەرگی خاکیم کردۆتە بەر کچی شیعرم

کاسکێتێکم کردۆتە سەر کچی شیعرم............ بەرگی ٢، ل٣٨٤

لەم دەقەدا خەیاڵ بەشێکی گرنگە لە پێکهێنان و کێشانی وێنەی شیعری، وێنەیەک کە لە واقیعەوە دوورە، یان لەوانەیە لە خەیاڵی پاکەوە بێت، واتە لە واقیعدا بە هیچ شێوەیەک بوونی نییە، وەک چۆن خەیاڵ توانای ئەوەی هەیە کە زۆر لە یەکتر نزیک بکاتەوە و نزیکەکان دوور بخاتەوە و پێکهاتەکان بەیەکەوە ببەستێتەو ، بۆیە خەیاڵی بەرهەمدار لە شیعردا پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لەوەی کە شاعیر چۆن خەیاڵ بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی وێنە و بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە لەناو دەقی شیعریدا.

**٢-٣- خەیاڵی وێناکردن (imaginative fancy) :**

خەیاڵی وێنایی یەکێکە لەو شێوازە شیعریانەی ئامانجی دروستکردنی وێنەیەکی دیاریکراو، یان کاریگەرییەکی دیاریکراوە، تا بتوانێت پشت بە بەکارهێنانی توانستی زمان و وێنەو ڕوانین...تاد ببەستێت، لەپێناو وروژاندنی هەستکردن بە سەرسوڕمان، یان جوانی، یاخود ئەم جۆرە ئاماژەیەیە، کە بۆ توانای بینینی بیرۆکە و وێنە و ڕووداوە نوێ و نامۆکان لە مێشکدا بەکاردێت. ئەم جۆرە خەیاڵە لەکرۆکدا بۆ داهێنان و هونەرە ، بەو پێیەی دەتوانێت ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی جیاواز و سەرنجڕاکێش، بۆیە لە چوارچێوەیەکی شیعریدا دەتوانێت بە چەند شێوازێک بەکاردەهێنرێت:

**ا-خەیاڵی وێنەی شیعریی:** شاعیر وێنەی بینراو دروستدەکات، کە گوزارشت لە هەست، یان ئەزموونەکانی دەکات بە شێوازی داهێنەرانە و نوێ، ئەمەش بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خوێنەر و قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لە دەقەکە، وەک دەڵێت:

خەیاڵی دووربینی دوورە دار

لەکەژی عاسیدا

ئەگەیشتە ئەو ڕۆژەی بیگەنێ و

بیکەن بە: چرپایەک بە مێزێک

کورسییەک بۆ شیعرو بۆ چیرۆک

بەڵام قەت

خەیاڵی دووربینی دووره دار

بۆئەوه نەئەچوو لێرەدا بیگەنێ و

بیکەن بە: دارەمەیت

بۆ دڵدار...بەرگی٤،٥٢٧

شاعیر لەم دەقەدا وێنەیەک دەخاتەروو کە بریتییە لە ڕوانینی مرۆڤێک بۆ ئەو شتەی کە ڕوودەدات، نەک ئەوەی چاوەڕیی ناکات، بەمەش خەیاڵی داری هێناوەتەوە کە دەبێتە کورسی، واتە دەبێتە هیوا، خزمەت...تاد، بەڵام دەبێتە دارەمەیت، ئەمەش واتە مردن، خەم....تاد.

**ب-گوزارشتکردن لە بیرۆکە و چەمکەکان:** خەیاڵی وێناکردن بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی بیرۆکەی ئاڵۆز، یان چەمکە فەلسەفییەکان بە شێوازی نوێ، ئەمەش دەقی شیعریی ئاڵۆزدەکات و بە مانای قووڵ دەوڵەمەندی دەکات، وەک دەڵێت:

لێره لەساڵی کتێبدا

قەڵەمیان کوشت

لێره لەساڵی ئافرەتدا

منداڵیان کوشت

لێره لەساڵی منداڵدا

دایکانیان کوشت

لێره ئەم ساڵ وەکو پاره

پار پێرار

لێره ساڵ یەک ناوی هەیە

ساڵی زیندان و سێداره...بەرگی ٢، ١٩٣

لەم دەقەدا شاعیر زۆر بەڕوونی باس لە چەمکی( ژیان، مردن، بوون ، نەبوون) دەکات و دەیەوێت لە ڕێگەی دوانەی دژەوه ئەم مەترسیە وەک بیرۆکەی سەرەکی و دۆزی نەتەوەیەک بناسێنێت، یاخود دەڵێت:

دانتی

لێره ئەبی بە گوڵدان و

لێرەیش ئەبێ بە ئاگردان

لێره دۆزەخ ئەکاتە بەر هزرەکانی و

لێره بەهەشت ئەکاتە بەر سۆزەکانی و

لێرەیش ئەبی بە نزایەکی نارنجیی

نێوان هەردوو گوڵ و ئاگر....بەرگی ٤،٤٨١

sjh@univsul.edu.iq

لێرەدا هەم بەهەشت، هەم دۆزەخ، هەم بیرۆکەن، هەم چەمکی باشەو خراپە و دانتی ئەو کەسەی کە هەوڵی داوە ژیان وەک ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی نیشانبدات، بۆئەوەی هەم ژیان بەهەشت بێت و دووربێت لە دۆزەخ، هەم ئەودنیاش، ئیدی مرۆڤەکان بەپێی روانینەکان لەهەردوو لادا دەگەنە ئامانجەکانیان.

**ت-داهێنان لە بەکارهێنانی زماندا:** ئەم جۆرە ڕێگە بە شاعیر دەدات داهێنەر بێت لە بەکارهێنانی زمان و دەربڕین و خستنەڕووی وشەی نوێی وەک( گەواڵە هەوری دەم با، سەرنجی وێڵ)، تاوەکو بیرۆکە یان هەستەکانی بە شێوەیەکی ناوازە دەرببڕێت، وەک دەڵێت:

هەرهات و چوو

بەسەرنجی وێڵیا دیاربوو

خەیاڵی ئەو

وەک گەواڵە هەوری دەم با

بۆ شوێنێکی دوور فڕی بوو...بەرگی دووم ٢، ٢٥٦

**پ-خەیاڵی وێنایی خواستنی:** شاعیر دەتوانێت خەیاڵی وێنایی بەکاربهێنێت بۆ بەرجەستەکردنی هەستی کەسیی خۆی بە شێوەیەکی هونەری، ڕێگەی پێدەدات خەون و هیوا و ئەزموونە کەسییەکان بە شێوەیەک دەربڕێت، کە لە ڕووی هەست و سۆزەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر هەبێت، وەک دەڵێت:

ئێستە زۆری وەکوو ئازاد

کە چەناکەی خەیاڵی مەنگ

ئەخەنە سەر لوولەی تفەنگ

لەو دوورەوە هەناسە بۆ

شارو ماڵ و یادگاری تاڵانکراو

هەڵ ئەکێشن..بەرگی دووەم ٢ ،٤٦٢

یان: من هەرگیز ناهێڵم قەناعەت

سەربکا بەهەوری شیعرمدا

بۆئەوەی گەر هەزار کەڕەتیش ببارێم

وا بزانم جارێکە باریوم

ئەم پەندە قەڵەمێ پێی وتم

تامردن بارانی خەیاڵی لێ نەبڕا.. بەرگی دووەم ٢، ٥٣٤

شاعیر خەیاڵی وێنایی بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی وێنەی بینراوی خواستنی کە تێیدا بارودۆخە واقیعیەکان ڕەنگدەدەنەوە، بە شێوەیەک کە تێگەیشتن و تێڕامان قووڵتر دەکاتەوە. ئەم وێنانەش نوێن و مانای جیاواز دەردەبڕن، کە جیهانی ناوەوەی نوێ دەکاتەوە، وەک دەڵێت:

ڕۆژێ هەنگ بوو بە هاوڕێم

شەوێ قەڵەمەکەم نەنووست

هەتا شیلەی شیعرێکی تازەی نەدامێ

ڕۆژێ کرمی ئاوریشمێکم بوو بە ئاشنا

شەوێ ئاوریشمی خەیاڵم

قەد...قەد

خۆی لە وشەمەوە پێچا

ڕۆژێ کۆترێ بوو بە دۆستم

شەوێ ئەوینێکی سپی

هاتەلام و

چەپکێ تیشکی دایە دەستم.. بەرگی دووەم ٢ ،٦٨٥

**ج-خەیاڵی گێڕانەوەیی:** لەم جۆرەدا شاعیر خەیاڵی وێنایی بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی چیرۆک و گێڕانەوە لەناو شیعرەکەدا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئاراستەکردنی خوێنەر بۆ جیهانە خەیاڵییەکان، کە خاوەنی ژیانێکی واقیعی و دەروونی بەهێزە، وەک دەڵێت:

ئەگێڕنەوە

وەختێ ئەم دارگوێزە ئەمرێ و

یەکەم دنیای خۆی بەجێدەهێڵێ

دار نامێنێ و گوڵ نامێنێ و تا قامیشی مۆسیقار...بەرگی شەشەم،٣٤٦

یان:منیش خەیاڵم فڕگەیە

منیش شیعرم فڕۆکەیە

منیش وشەی پەڕەشووتداری خۆم هەیە:

ڕەنگی پەڕەشووتەکانیان

هەندێ جار فرمێسکی خۆم بن

گوڵۆنکەکانی کۆڵوانەی دایکی تۆبن

ڕەنگە پێڵوی منداڵانی هەڵەبجەبن..بەرگی دووەم ٢ ، ٧٦٢

**ح-دەربڕینی خەیاڵی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی:** شاعیر دەتوانێت خەیاڵی وێنایی بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی پرسە فەلسەفی، یان کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازی نوێ، ئەمەش بەشدارە لە ئاڵۆزی تێگەیشتن لەو پرسانە و هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە خوێنەردا، وەک دەڵێت:

ئەوسا ئێمە هێشتا لەناو پشتی باوکا بووین

لە دەروونی غەیب و دنیای چاوتاریکا بووین

نە دەس و دڵ، نە تام نە بۆ، نە ڕەنگ نە هەواڵ

نە دەنگ و سەنگ، نە ناونیشان، نە خەو نەخەیاڵ
هیچیان نەبووین، کە بروسکەی گیانی کوردستان
لەناو شەوا ڕۆژی ڕوونی نوێی دائەگیرسان
هیچیان نەبووین کە ئەم کوردە قۆناغ بە قۆناغ
سووری ئەکرد سەنگەری ناو سنگی شاخ و داخ
کە"ئەیلوول"ی گیان بڵێسەی بەردەرکی سەرا
تەرمی ڕۆڵەی لەسەر دەستی هیوا ئەگێڕا
کە ڕاپەڕین بۆ ئازادیی سکی ئەسووتان
کە بازووی ژین کۆتی مەرگی سەرشۆڕیی ئەشکان
کە فوارەی خوێن لەشی خاکی توونی سوور ئەکرد
کە تاریکیی لەژێر چنگی هەڵمەتا ئەمرد.........بەرگی١، ١٢٦

ئەگەرچی تانوپۆی دەقەکە لەژێرکاریگەری ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوونەوە نوسراوە، بەڵام دواجار وێنەی کوردیش هەڵگیرسانی شۆڕش و دوای هەڵگیرسانی شۆڕش دەکات کە جیاوازییەکی زۆر لەڕوانین و وێناو کارەکان دەگۆڕێت و بۆ هەر یەکێک لەئازادی و شوناس و......تاد قوربانی زۆر دراوە، ئەمەش لەپێناو دەرچوون لەژێردەستی و بەدەستهێنانی ئازادی.

بە گشتی خەیاڵی وێناکردن توخمێکی جەوهەری شیعرەکەیەو ئامانجی دەربڕینی مرۆڤایەتی و ئەزموونی مرۆڤایەتییە بە شێوازی هونەری و نوێ، بەمەش شیعر دەکاتە بەرهەمێکی لەبیرنەکراو و هەست و تێڕامان لە خوێنەردا دروستدەکات، کەواتە شاعیر بە کەڵک وەرگرتن لە خەیاڵ، دەتوانێ شیعرەکە بگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی شیعریی دەوڵەمەند و ئاڵۆز، جوانناسی زمانەوانی لەگەڵ قووڵایی فەلسەفی و سۆزداری تێکەڵ بکات، بەمەش وادەکات دەقی شیعری بکاتە سەرچاوەی ئیلهام و تێڕامان بۆ خوێنەر.

کەواتەخەیاڵی وێنایی لە لەکۆنتێکستی شیعریدا پەیوەندی بە توانای بەکارهێنانی خەیاڵەوە هەیە بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەپێناو دروستکردنی وێنە و بیرۆکە، کە واقیعی کۆنکرێتی تێدەپەڕێت و گوزارشت لە هەست یان بیری شاعیر دەکات بە شێوەیەکی هونەری و ستاتیکی.

**٢-٤- خەیاڵ وەک توانست:**

ئەو جۆرەیە کە شاعیر جیهانێکی خەیاڵی نوێ دروستدەکات بە سروشتێکی جیاوازتر و بە پشت بەستن بە تەکنیکی ئەدەبی، ئیدی بە بەکارهێنانی تیۆری فەلسەفی، زانستی، فیزیکی...تاد بێت، یان بەهەر ڕێگەیەکی دی، یاخود گوزارشت لەو توانا داهێنەر و خەیاڵییە دەکات، کە مرۆڤ هەیەتی لەسەر بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و تێگەیشتنی جیاواز بەبێ سنووردارکردن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەیاڵ لای شاعیر لەوەدایە کە شاعیر پێویستی پێیەتی و ناتوانێت دەستی لێ هەڵبگرێت، لەپێناو گەیشتن بە چەمکێکی نوێ و شاعیر بەپێی هەستەکانی بوونی خۆی دەسەلمێنێت و وێنەکان بونیاددەنێت، چونکە ڕەنگدانەوەی

هەست وگیانی شاعیرن بۆ دنیاو جیهانبینی شاعیر، بۆیە لێرەدا خەیاڵ مەبەست لەو خەیاڵەیە، کە توانستی عەقڵی و چالاکی وێناو وێنەیی شاعیر پیشاندەدات و هەڵگری پێکهاتەیەکی نوێ و لێکدراوی یادەوەری و وێناکردنی شاعیرەکەیە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، یان توانای مەعریفی شاعیرە و لەڕێگەی ئەم ڕەگەزەوە وێنەی زەینی دروستدەکات، بۆیە خەیاڵ وەک توانست دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە:

**ا-داهێنان و بیرکردنەوەی نوێ:** خەیاڵ وەک توانا ئاماژەیە بۆ توانای داهێنان و بیرکردنەوە لە دەرەوەی فەزای واقیعی و مێشکی و بەهۆیەوە تاک دەتوانێت بیرۆکەی نوێ بهێنێتەگۆڕێ، وەک دەڵێت:

ڕێیەک : چاوان بزر ئەکا

وەک قمقمۆکە ڕەنگی خۆی

تێکەڵ بە ڕەنگی وەرز ئەکا

ڕێیەک بەفر بە خەیاڵیا

نەهاتووە...... بەرگی سێیەم، ٤١٤

خەیاڵ لەدیوێکیدا گوزارشتە لە حاڵەتی دەروونی، کە شۆڕشی مرۆیی بەرهەمی هێناوە بەسەر هەموو کۆتەکاندا، چونکە ڕۆمانسییەکان پێیانوایە( خەیاڵ جۆرێک لە ڕاستی ئاشکرا دەکات، هەرکاتێک خەیاڵ چالاک بوو، ئەو شتانە دەبینێت کە عەقڵ ناتوانێت بیانبینێت)( بوروبای و اخرون،٢٠٢٠، ٢١)، لەلایەکی ترەوە چاو و قمقمۆکەو ڕێ و بەفری هێناوە بۆ نیشاندانی ئەو جیاوازییەی کە بریتییە لە پەیامە سەرەکییەکەی شاعیرو خەیاڵەکەی، چونکە خەیاڵ لەدەقی شیعرییدا توانایەکی بنچینەییە بۆ دروستکردنی شیعر و خەیاڵی هونەری بینراو، بەو پێیەی شاعیر دەتوانێت خەیاڵی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان و هەستکردن بە جوانی و قووڵی، وەک دەڵێت:

لە گوێی زەریایت ..چاوەکانت وەک کەلەپۆ

بریوەتە نهێنی ئاو

سەرت لە ناو نامۆییدا بەلەمێکی سەرگەردانەو

دەستەکانت سەوڵی شکاو

وەکو پایز ئێوارەی تەنیایت تەڕەو

یادگاری لێ ئەچۆڕێ و

خەیاڵیشت زەردەی هەتاوە....بەرگی سێیەم، ٥٨٨

شاعر دیمەنێکی گوێی زەریای کردوەتە وێنەیەکی شیعریی زۆر جوان، بەوەی ئەو ئارامی و سەرنجراکیشیەی کە ئاو بە مرۆڤی دەبەخشێت لەم دیمەنەدا دەیخاتە ڕوو، بەوەی مرۆڤ کە چووە باوەشی سروشتەوە بەتەواوی لە جەنجاڵی ژیان دادەبڕێت و جوانی و چێژی سروشت دەبێتەوە بە بەشێک لە ژیان و هەستکردنەکانی، لەکۆتاییشدا خەیاڵی وەک زەردی هەتاو نیشانداوە کە بەرەو کۆتایی دەڕوات، بەوەی چوانویەتی بە ساتی ئاوابوونی هەتاو کە لەچاو وندەبێت، واتە بەتەواوی لە سروشت دابڕاوەو دواجار کۆتایی پێدێت.

دەتوانین لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە لە خەیاڵ تێبگەین وەک توانایەک، کە ڕەهەندە نوێیەکانی واقیع ئاشکرا دەکات و بەشدارە لە تێگەیشتنمان لە جیهان و ژیان بە چەندین شێوەی نوێ،وەک دەڵێت:

یان دەڵێت: ڕێگا دوورە، بەرچاو لێڵە
ئاسۆی گیانم بەدوای تیشکی
خۆری هەواڵێکا...وێڵە.
خەیاڵ: ڕێبوارێکی ماندووی
لەش کەنەفتی،
خەم داگرتووی،
بیابانی مابێن..کێڵە...............بەرگی١ ل١٧٣

شاعیر ئەوەی لا روونە کە دنیای خەیاڵی زۆر جوانترو خۆشترە لە دنیای واقیعی، بۆیە لەرێگەی بەکارهێنانی خەیاڵەوە، جیهانی واقیعی دەخوێنێتەوە، لەپێناو ناساندن، هەم دروستکردنی کاریگەری دەروونی و رۆحی لەسەر خۆیان، چونکە ئەم ڕوانینەی شاعیر لەسەردەمێکدایە هیواو ئومێدەکان لاوازن، بەشێوازێک لەخەیاڵیشدا ئەم بێهیواییەی دەربڕیوە، لەبەر نەبوونی مۆمی هیوا لەرێگەی هیوادا، واقیع لە چوارچێوەی خەیاڵدا بەرجەستەکردووە.

بەمانایەکی تر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە شاعیر چۆن نوێنەرایەتی خەیاڵ دەکات وەک توانایەکی داهێنەر و بەرووی جیهانە جیاوازەکاندا کراوەتەوەو کارلێکی نێوان خەیاڵ و واقیعدا دروسرکردووە. ئەم جۆرە شیعرە دەتوانێت فرەڕەهەند بێت و گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەستی جۆراوجۆر بکات.

هەروەها ئەم جۆرە دەوڵەمەندە بە مێتافۆر و وێنەی شیعریی کە یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیر بە شێوەیەکی قووڵ، جگەلەمەش وێنەی شیعری بەشێوەیەک بەکاردێت کە کاریگەریی شیعرەکە زیاتر دەکات و ماناکەی قووڵتر دەکاتەوە، وەک دەڵێت:

ئەو منداڵەی، چاوی لەناو، ئاگردا پشکووت
دەنگی گولە، گوێی بیستنی، زاخاو دایەوە
پێی هەڵسانی، لەبزماری، ئەشکەنجە هەڵ نووت
خوێنی ڕژاو، بەژیانیا، هەڵ پژایەوە.
سبەینێ ئەو، گڕی لەشی، گڕ سووتێن ئەبێ
گولەی بیری، گوللەی دوژمن، سارد ئەکاتەوە
خۆی بەپێی خۆی، بەنووکی بزمارا ئەنێ
بەڵێ ئەمڕۆم، سبەی نەوەی، وائەخاتەوە.....................بەرگی١ ل٣١

شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت منداڵ بەرهەمی ژینگەکەی خۆیەتی و ئامانجەکەشی لەسەر بنەمای ژینگەکەی بەرهەمدێت، بۆیە منداڵانی ئێمە لەناو ئاگرو ئاسندا لەدایکبوون و گەورە بوون، بێگومان دەبنە ڕۆڵەی خەباتگێڕی نیشتمان و ئازادی دەکەن لە ستەمەکان.

شاعیر ئەم دەقەی وەک خوێندنەوە واقیعیەکە نیشانداوە، بەڵام دابڕاو نییە لەخەیاڵ، چونکە لە ڕوانگەی جوانی و توانستەوە خەیاڵ بەهەرەیەکە لەبەهرەکانی شاعیرو شاعیریەتی ڕاستەقینە هەرگیز ناتوانێت خۆی لێ بەدووربگرێت، چونکە کامڵبوونی

شاعیریەتی لەم ڕێگەیەوە دێتەدی، چونکە شاعیر وادەکات جیهانی خەیاڵی خۆی لە ژیانی واقیعی دا جوانتر بخاتەڕوو، تاوەکو کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستبکات.

**ب-ئازادی و داهێنان:** ئەو جۆرەیە کە ڕێگە بە شاعیر دەدات ئازادییەکی تەواو لە ڕادەربڕین و داهێنان، بەبێ پابەندبوون بە سنووردارکردنی واقیعی بگرێتەبەر، یاخود فەزایەکی تر لەناو فەزا خەیاڵیەکەدا بۆ واڵا دەبێت، کە بریتییە لە فەزای ئازادی کە سەرچاوەیەکی بەهێزی داهێنانەکانە، وەک دەڵێت:

لەدەرەوە چنگ لەسەر شان
با کلوبەفری ڕاوئەنا
جەستەی باریکە شەقامی هەڵ ئەلەرزان
هەر خۆم تەنها
ملیوانی
خەیاڵە گەرم و گوڕەکەم بۆ هەڵبڕی
کەوتمە ڕێگا.....بەرگی دووەم،ل٧١٥

شاعیر لە دیمەنی باو و بەفردا وێنەی نێوان دووبەرەی ستەم نیشاندەدات، بەوەی هەمیشە جوانییەکان بەربەستیان زۆرەو پێویستە بۆ ناساندیان و گەڕاندنەوەی ڕۆڵیان هەوڵیان بۆ بدرێت، تاوەکو بەربەستەکان ببڕێت، بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت کار دەبێت بە دەستەو کۆ بێت، بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو ستەمە ببینەوە کە هاتوەتە سەر ڕێگەکە، بۆیە پێویستە هەموان لەپێناو سەرکەوتن و هێنانەدەی ئامانجەکان، دەبێت یەکگرتووبن و بەیەکەوە کار بۆ ئامانجەکان بکەن.

کەواتە مرۆڤ لەم جۆرە خەیاڵەدا وەک بوونەوەرێکی هونەری و داهێنەر دەردەکەوێت، بەوەی کە توانای دارشتن و گۆڕینی واقیع لە دەرەوەی سنووردارکردنی ڕواڵەت و درێژبوونەوەی هەیە بۆ جیهانە بێسنوورەکانی خەیاڵ و داهێنان.

**٣-ئەنجام:**

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١-خەیاڵ بنەمایەکی سەرەکی بیرکردنەوەو ناساندنی وێناکانی شاعیرە.

٢-شاعیر خەیاڵ بە هێزی تاقیکردنەوەی خەونەکان دەزانێت.

٣- شاعیر خەیاڵی بەشێوەیەکی ورد و ئیستاتیکی لەدەقەکاندا بەکارهێناوە، هەربۆیە پانتاییەکی فراوانی لەدەقەکاندا داگیرکردووە.

٤-خەیاڵ لای شاعیر لەلایەکەوە بۆ ناساندنی ڕاستییەکانە، لەلایەکی ترەوە ناساندنی وێناکانی پشت دەقەکانە.

٥- خەیاڵ لای شاعیر بنەمایەکە لە بنەماکانی لێکدانەوەو تێگەیشتن، بۆیە پێویستە خوێنەر وردتر دەقەکان بخوێنێتەوە.

٦-شاعیر خەیاڵی بۆ پێشخستن و ناساندنی تواناکانی داهاتوو بەکارهێناوە.

٧- شاعیر سەرجەم جۆرەکانی خەیاڵی بەکارهێناوەو لەهەمووشیان بەبەرهەمتر خەیاڵی دروستکەرە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

**سەرچاوەکان:**

**کوردیەکان:**


١- هەژار،١٣٦٩ ، هەنبانەبۆرینە،تهران، ایران،٢٩٩

٢-بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٩، دیوانی شاعیر، سوید، بەرگی١

٣-بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٩، دیوانی شاعیر، سوید، بەرگی٢

٤- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٩، دیوانی شاعیر، سوید، بەرگی٣

٥- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٩، دیوانی شاعیر، سوید، بەرگی٤

٦- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٩، دیوانی شاعیر، سوید، بەرگی٦

٧- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠١١، ئێستا کچێک نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.


**عەرەبیەکان:**


١- ابن رشد،١٩٧٣ ، ترجمة عبد الرحمن بدوي، تلخيص كتاب أرسطو طاليس فن الشيعر، دار الثقافة.

٢- ابن سينا، على الحسين بن عبدلله،١٩٨٢، الشفاء، الموسسەم الجامعيه للدراسات و النشر.

٣- أبونصر الفارابي، ١٩٩٦ ،إحصاء العلوم، قدم له و شرحه: علي بو ملحم، دار ومكتبة الهلال.

٤- أرسطو طاليس، د ت، ترجمة: عبد الرحمان بدوي، فن الشيعر، دار الثقافة، د ط.

٥- بدوي، مصطفى،١٩٥٨، كولردج،دار المعارف، القاهرة .

٦- البستانى، ابوالقاسم ،٢٠١٨، الخيال الشيعرى عند العرب، مصر.

٧- الجرجاني، عبدالقاهر ،٢٠٠٥ ، أسرار البلاغة، إحياء التراث العربي.

٨- الجرجانى، على بن محمد، ١٩٨٥، ت: ابراهيم الابيارى، دار الكتاب العربى، ط١، بيروت.

٩- ضيف، د.شوقي،٢٠١٥ ، في النقد الادبي، دار المعارف القاهرة، مكتبة الدراسات الأولية.

١٠- عبدالله، محمد حسن، ١٩٨٦،الصورة والبناء الشيعري، مكتبة نور.

١١- عرقسوسي، محمد خير حسن و حسن ملا عثمان، ١٩٨٢،ابن سينا والنفس الإنسانية، مؤسسة الرسالة، بيروت.

١٢- العشماوي، محمد زكي، ١٩٨٦، دراسات في النقد الأدبي المعاصر.

١٣- الفارابي ، أبونصر ،١٩٩٦ ، قدم له و شرحه: علي بو ملحم، إحصاء العلوم، دار ومكتبة الهلال، ط١.

١٤- القرطاجني، حازم، دط ، منهاج البلغاء و سراج الأدباء، تحقيق محمد الحبيب ابن خوجة، دار الغرب الإسلامي.

١٥- القلماوى، سمير، ١٩٥٣،فن الادب، مطبعه الباجى الحلى، مصر.

١٦- مصلوح، سعد،١٩٨٠، حازم القرطاجني و نظرية المحاكاة و التخييل في الشيعر، دار التأليف، ط١ .

١٧- مواني، عثمان، ٢٠٠٠ ، في نظرية الأدب من قضايا الشيعر والنثر في النقد العربي القديم، دار المعرفة الجامعية.

١٨- ناصف، مصطفى، ١٩٥٨،الصورة الأدبية في التراث النقدي والبلاغي عند العرب، دار الأندلس.

١٩- نصر ،عاطف جودة ،١٩٨٤، الخيال مفهومه و وظائفه، مطابع الهيئة المصرية للكتاب.

٢٠- هلال، محمد غنيمي، ٢٠٠٨،النقد الأدبي الحديث، مكتية نور.




SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

٢١- وصبه ، مجدي ،١٩٧٤، معجم مصطلحات الأدب، مكتبة لبنان بيروت.

٢٢- اليسوعي، ج.روبرث بارت ، ١٩٩٢ ،ترجمة عبسى علي الكاعوب، الخيال الرمزي كولرديج والتقليد الرومانسي، مراجعة خليفة عيسى العزابي، معهد الإنماء العربي.

**نامەکان:**

١- بقاح، سامية ،٢٠١١ ، المصطلح في كتاب منهاج البلغاء و سراج الأدباء لحازم القرطاجني،رسالة ماجستير،جامعة مولود معمرى ، الجزائر.

٢- حشايشى، عبدالقادر ،٢٠١٣، الحوره الفنية فى الشيعر سميع القاعم، رساله ماجستير، جامعه المسيلة، الجزائر.

٣- جوهر، بوروباى و اخرون،٢٠٢٠، الخيال الرومانسى فى شعر ابى القاسم الشابى، رساله ماجستير، جامعه عبد الحميد بن باديس مستغانم، الجزائر.

٤- كراع، رشيدة ، ٢٠٠٥ ،الخيال و التخيل عند حازم القرطاجني بين النظرية و التطبيق، رسالة ماجستير، جامعة منتوري ، قسنطينة.

**گۆڤارەکان:**

١- عميد ،رحيل ،٢٠١١، الخيال العلمي العربي: صفات سلامة: الشرق الأوسط: ٨ يناير: العدد: ١١٧٢٩.

٢- عبداللطيف، د.عماد ،٢٠١٧، ماهية الشيعر و وظائفه و ادواته، مجلة الذاكره،مختبر التراث اللغوى والادبى، عدد (٨) يناير .

**الملخص:**

**الخيال في اشعار شيركو بيكەس**

يهدف هذا البحث إلى تنظير مفهوم الخيال في النصوص الشعرية بشكل عام، وشعر شيركو بيكەس بشكل خاص، واستكشاف أثره على بنية النص وانعكاساته داخل النص وخارجه. كما يعكس البحث وعي المؤلف وفهمه، وتجسيد الخيال في صور شعرية أو فوتوغرافية تمثل أبياته الشعرية. يسعى البحث أيضًا إلى إظهار مستوى الخيال في شعر شيركو بيكەس والأثر الذي يتركه على القارئ.

ولهذا الغرض، يتناول الجزء الأول مفهوم و تعريف الخيال و تنظير الى الخيال من وجهات مختلفة مع اهمية و خصائص الخيال، بينما يبحث الجزء الثاني في أنواع الخيال وتصنيفها في قصائد الشاعر، ويعرض ويحلل أساليب وأمثلة مختلفة لكل منها.

## Abstract

**Imagination in the Poems of Sherko Bekas**

This research aims to theorize the concept of imagination in poetic texts in general, and in the poetry of Sherko Bekas in particular, examining its impact on text structure and its reflection both within and beyond the text. It also reflects the author's awareness and understanding, or the embodiment of imagination in images through poetic texts or photographs that represent his verses. Additionally, it seeks to demonstrate the level of imagination in Sherko Bekas's work and the impact it has on readers.

For this purpose, the first part introduces the concept and definition of imagination from various perspectives. The second part explores, classifies, and analyzes the different types of imagination in the poet's works, presenting various methods
and examples for each type.


sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤